


ژمارە:٣٨
تیراژ:٢٠٠٠
دینار:٥٠٠
١٣ی شوباتی ٢٠١٩


"پاراستنی سنوور و سەروەری عێراق لە ئەستۆی حکوومەتی عێراقدایە"

ل.٢


عەلی باپیر،
ئەمیری کۆمەڵ

"ئێمە عادەتمان وایە تا بەرچاومان ڕوون نەبێت بریار نادەین"

"پێویستە تورکمان دەرفەتی پێبدرێت کە تەعبیر بکات لە واقیع و حەجم و قەبارەی راستەقینەی خۆیان"



ئایا شەهیدانی تورکمان بە شەهید هەژمار ناکرێن؟

ل.٥



وێنەگری، پیشەیەک لە باوکەوە بۆ کوڕ

خاوەنی ئەرشیفێکی ٤٠ هەزار وێنەییە کە تایبەتە بە هەولێر(ئەربیل) و هەولێریەکان

وێنەگر نەبیل خزر

ل.٤


ئیحسان ئاکتاش،
سەرۆکی گێنار

"بێگوومان ئاک پارتی یەکەمی هەڵبژاردنەکان دەبێت"

ل.٦

ئەمریکا بەردەوام بێت لە پاڵپشتیەکانی بۆ پەکەکە ئەگەری لەدەستدانی تورکیای دەبێت

لە سەرەتادا ئۆپەراسیۆنی رۆژهەڵاتی فورات ئەنجام دەدرێت

ل.٨



هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ١٨ی شوبات ئەنجام دەدرێت

ل.٧



شێوازی زەماوەندی تورکمان لە کۆندا

ل.١٠



ژمارەی نوێی "تەبا چۆجوک" تایبەت بە منداڵان دەرچوو

له ئەستۆی حکوومەتی عێراقدایه"



پێکدەهێندرێت، ئەوان دەبێ باسی چۆنییەتی حکوومەتی داهاتوو و پێکهێنانی حکوومەت بکەن. هەرکاتێک ئەوان هاتن و قسەی خۆیان کرد، ئەوکات ئێمەش قسەی خۆمان دەکەین. بەڵام ئەمجارە کە شاندی پارتی هاتن، جەنابی کاک فازل میرانی بۆ خۆش کردنەوەی پەیوەندییەکان هاتبوون، هەرچەندە ئەوە سەرەی سێیەم و چوارەم بوو ئەوان بێن و سوپاسیشیان دەکەن. بەڵام وتیان ئێمە هاتووین زەمینە خۆشبکەین بۆ ئەوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانمان باش بکەین، گرێ و گرفتەکان لابەرین. هاتووین جەختیش لەسەر ئەوە بکەینەوە ئەوەی کە دەوترێت گوایە پارتی ڤیتۆی هەیە لەسەر کۆمەڵی ئیسلامی کە بەشداری حکوومەت بێت ئەسڵ و ئەساسی نییە. دواییش پەیوەندییان پێوەکردووین کە ئەوان چاوەڕێی وەڵامی ئێمەن. ئێمەش دیارە چ وەکو سەردان کردنەوەی حیزبی و چ وەکو هەڵوێستمان لە پرسی بەشداری کردن لە حکوومەت، ئێمەش وتمان با بەرچاومان روونبێت ئەو شاندەی کە بۆ پێکهێنانی حکوومەت رادەسپێردرێن بێن و بۆ پێکهێنانی حکوومەت قسەمان لەگەڵ بکەن، ئێمە عادەتمان وایە ئێمە بەبەرچاوڕوونی بریار دەدەین، ئەو کاتە بڕیار دەدەین

.

ان وایە
چاومان
نەبێت
نادەین

کۆمەڵی ئیسلامی وەکو لایەنێکی سیاسی چۆن سەیری ئەوە دەکات کە یەکێک لە پۆستی جێگری ٣ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم بدرێت بە تورکمان؟

با ئەوە بە جەنابت و بە خوێنەرانی رابگەیەنم، قەناعەتمان بەوە هەیە کە پێکهاتەی تورکمان پێکهاتەیەکی رەسەن و ریشەدارە لەم وڵاتەدا و جێی هەموو ریز و حورمەتێکن. پێویستە بەپێی قەبارە و کاریگەری خۆیان لە هەموو پێگەکاندا مافیان پارێزراو بێت و ئەوانیش بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت

.

ەتمان
ەیە کە
تورکمان
کی ڕەسەن
دارە لەم
ەدا

پێویستە تورکمان دەرفەتی پێبدرێت کە تەعبیر بکات لە واقیع و حەجم و قەبارەی راستەقینەی خۆیان

ئەم وڵاتە هی هەموو لایەکە. من زۆر جار کە باسکراوە و وتراوە حکوومەتی کوردی، وتوومە ئەو وشەیە بەکار مەهێنن، بڵێن حکوومەتی کوردستان چونکە هەر کورد لەم وڵاتە نین. تورکمان، کریستیان و عەرەبیشی لێن. ئەم وڵاتە تەنها بۆ کوردان نییە بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەیە کە تێیدا دەژین. من وەکو مەبدەئێکی گشتی دەڵێم پێویستە تورکمان دەرفەتی پێبدرێت کە تەعبیر بکات لە واقیع و حەجم و قەبارەی راستەقینەی خۆیان

.

کێ زیاتر خەڵکی لەگەڵدایە و گوزارشت دەکات لە تورکمانەکان و لە خەمی ئەواندایە مامەڵە لەگەڵ ئەواندا بکەن

من زۆر رەخنەم لەوە هەیە کە مامەڵە دەکرێت لەگەڵ کەسایەتییەکی تورکماندا کە تەنها گوزارشت لە خۆی یاخود لە چەند کەسێک دەکات. من ئەوەم بە بریار بەدەستانی ئەم وڵاتەش وتووە، بۆ ئەم هەرێمە وا باشە مامەڵە بکەن لەگەڵ ئەوانەی کە خەڵکی تورکمانیان لەگەڵدایە، ئەگەر جەبهەی تورکمانییە یاخود هەر لایەنێک و کەسایەتییەکە. کێ زیاتر خەڵکی لەگەڵدایە و گوزارشت دەکات لە تورکمانەکان و لە خەمی ئەواندایە مامەڵە لەگەڵ ئەواندا بکەن. نەک مامەڵە لەگەڵ کەسێکدا بکەن کە تەعبیر دەکات لەخۆی و بە ئاسانی بەدەستەوە دێت بەڵام خەڵکی لە پشتەوە نییە. لەگەڵ ئەوانە مامەڵە بکەن کە بە ئاسانی بەدەستەوە نایەن بەڵام خەڵکی لە پشتەوە بێت و ماف و داواکاری هەبێت

.

پێویستە ئێمە مامەڵە بکەین لەگەڵ ئەوانەی کە گوزارشت دەکەن لە نەتەوەی خۆیان

ئەوەی خەڵکی لەپشتەوە بێت بە ئیمتیازاتی شەخسی قەناعەت ناکات، دڵی من خەڵکم هەیە و داوای مافی خەڵکەکەی دەکات. لەگەڵ ئەمانەدا مامەڵە بکرێت.من ئێستا بەپیویستی نازانم هەندێک شت لێرەوە ورد بکەمەوە. کاک ئەرشەد ساڵحی دەزانێت، کاک ئایدن و برادەرانی جەبهەی تورکمانی دەزانن کە هەندێک شتم بۆ باسکردوون، من رەخنەم هەبووە زۆرجار لە هەندێک لە کۆبوونەوەکاندا بینیومە کەسێک هاتووە کە کەسایەتییەکەی گوزارشت لە هەندێک کەس دەکات هەر چەندە من رێزم هەیە بۆ هەموو کەسێک. کەسایەتی دیکە هەیە گوزارشت لە خەڵکی زۆری تورکمان دەکات بەڵام رەنگە بە دڵی تۆ قسە نەکات. بۆچی ئەوە بە نادیدە دەگیرێت؟ با ئەوە بێننە پێش، قسە لەگەڵ ئەودا بکەن با قسەکانیشی بە دڵی تۆ نەبێت و با هەڵوێستەکانیشی بە دڵی تۆ نەبێت. بەڵام گوزارشت دەکات لە پێکهاتەکەی خۆی، ئەوانە دەبێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. جا ئەوە بە نسبەتی تورکمان، کریستیان و یەزیدیش بە هەمان شێوەیە

.

کارێکی راست نییە حزبێکی کارتۆنی گەورە بکرێت و بە ناوی نەتەوەیەک قسەی لەگەڵدا بکرێت

پێویستە ئێمە مامەڵە بکەین لەگەڵ ئەوانەی کە گوزارشت دەکەن لە نەتەوە و پێکهاتەی خۆیان. نەک هەر کەسێک بە دڵی ئێمە بوو بە تەنیاش بێت، ئێمە بەرزی بکەینەوە لەسەر حیسابی خەڵکێکی دیکە کە خەڵکیشی لەگەڵدایە بەڵام رەنگە بە دڵی تۆ نەبێت و نەتەوێت داواکارییەکانی جێبەجێ بکەیت. من بەگشتی بۆچوونم بەمجۆرەیە، من پێموایە هەموو ئەوانەی کە لەم وڵاتەدان بە قەبارەی خۆیان پێویستە مافیان پێبدرێت. نەوەکو ٢-٣ کەسیان دیاری بکرێت یاخود حزبێکی کارتۆنی گەورە بکرێت و بە ناوی نەتەوەیەک قسەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوە کارێکی هەڵەیە.

پاراستنی سنوور و سەروەری عێراق لە ئەستۆی حکوومەتی عێراقدایە

پرسی شیلادزێ چۆن چارەسەر دەکرێت؟ پێویستە کام لایەن هەستێت بە چارەسەر کردنی ئەو پرسە؟

پێموایە ئەو پرسە پرسێکی ئاڵۆزە. ئەو پرسە پەیوەستە بە تورکیا و دەوڵەتی عێراقەوە. بەڵام بە تەئکید حکوومەتی ناوەندی بەشێکە لە عێراق بۆیە ئەویش بەرپرسیارە. من لێرە ئەوەندە دەڵێم بێگومان پاراستنی ماڵ و سامان و بەرژەوەندی گوندنیشینەکان، جا چ لە دەڤەری بادینان چ لە دامێنی چیای قەندیل چ لە هەر شوێنێک بەرپرسیارییەتییەکە لە ئەستۆی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندایە. بەڵام پاراستنی سنوور و سەروەری عێراق لە ئەستۆی حکوومەتی ناوەندیدایە. بۆیە ئەو پرسە ئەرکێکی دووسەرەیە.

حکوومەتی تورکیاش دەبێت ئەو پرسیارەی ئاراستە بکرێت کە بۆچی وا دەکات و پاساوی چییە. پێویستە ئەو گرفت و کێشانە لە نێوان خۆیاندا چارەسەر بکرێت بێ ئەوەی ئەم خەڵکە چیدیکە لەبەر دەست و پێیاندا نەچێت. چیدی موڵک و ماڵی خەڵک وێران نەبێت. چیدیکە خەڵک بێزار نەبێت و بێزاری و توڕەییەکەی بەو شێوەیە بتەقێتەوە کە لە شیلادزێ بینیمان. دەبێت دەوڵەتی تورکیاش چاوبەخۆیدا بخشێنێتەوە. ئایا هیچ میکانیزمێکی دیکە نییە ئەو کێشەی خۆی لەگەڵ پەکەکە و نەیارەکانی پێ چارەسەر بکات لە بری ئەوەی هەڵکوتێتە سەر سنوورەکانی عێراق و گوندەکانی هەرێمی کوردستان؟ ئەویش دەبێت چاو بەخۆیدا بخشێنێتەوە.

حکوومەتی ناوەندیش دەبێت لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بە جدی بێتە سەر خەت. لە ڕاستیدا پاراستنی سنوورەکان لە ئەرکی حکوومەتی ناوەندییە و حکوومەتی هەرێمیش بە تەئکید دەبێت هەڵوێستی هەبێت و فشار لە حکوومەتی ناوەندی بکات یاخود راستەوخۆ لەگەڵ حکوومەتی تورکیادا قسەبکات. گرنگ ئەوەیە بەرگری بکرێت لە گیان و سامان و موڵک و ماڵی ئەو گوندنیشینانە کە بەداخەوە لە ئەنجامی پێشبڕکێ و گوریسپچڕێنەی نێوان پارتی و یەکێتی خەڵکێکی زۆر کرایە موڵکی خۆڵ و گوندەکان چۆڵ کران. ئێستا دەبینین کە بەرهەمی خۆماڵیمان بەو شێوەیە نییە و هەرێمی کوردستان بووەتە بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵای تورکیا و ئێران و سووریا و وڵاتانی دەوروبەر. ئەوەندە گوند و گوندنیشینانەی کە ماون بەو شێوەیە جارێک ئێران زەختی لەسەر بکات و جارێک تورکیا زەختی لەسەر بکات و جارێک پەکەکە بەشێک لە خاکەکە بۆخۆی داببڕێت و لە خەڵکی دیکەی قەدەغە بکات، بەڕاستی شتێکی زۆر ترسناکە و کێشەیەکی گەورەیە پێوستە بە جدی لە پەرلەمانی کوردستان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی ناوەندی و لەگەڵ تورکیاش قسەی لێبکرێت. ئێمە لە جیاتی ئەوەی ئەو گوندانەی لێمان چۆڵکراوە بیبوژێنەوە و بەرهەمی خۆماڵیمان هەبێت و خەڵکێکی زۆر وەکو دەستی کار لەوێ کار بکات، نەک بێنە شار و بە هەر ناونیشانێک بێت مووچەیەکیان پێبدرێت و نەتوانین زەوی و زاری سەر سنوورەکان بەهۆی ئاشووبەوە بەکار بهێنین، پێویستە چارەسەرێکی جدی بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە و هەموو دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ.

"پاراستنی سنوور و سەروەری عێراق



فۆتۆ: چۆبان تیمور / هەواڵ: عەلی عەنتەر

عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان وەڵامی پرسیارەکانی تەبا لەبارەی بڕیارەکانییان لە ماوەی کۆبوونەوەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەت، بەشداری کردنی تورکمان لە کابینەی حکوومەت، ئۆپەراسیۆنەکانی سەرسنوور کە لەلایەن تورکیاوە ئەنجام دەدرێت و کۆمەڵێک پرسی جیاواز، دایەوە.

خەڵکی هەرێمی کوردستان باوەڕ و متمانەیەکی ئەوتۆیان نەماوە بە کۆی دۆخە سیاسییەکە

لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ ئەیلوولدا تەواوی حیزبەکان گۆڕانکارییان بەسەر ڕێژەی دەنگ و ژمارەی کورسییەکانیاندا هات. بەشێک لە حیزبەکان ژمارەی کورسییەکانیان کەمی کرد و کۆمەڵی ئیسلامی بە پێچەوانەی ئەوان ژمارەی کورسییەکانی زیادی کرد. ئایا هۆکاری زیادکردنی ڕێژەی دەنگەکان و ژمارەی کورسییەکانی کۆمەڵ بۆ چی دەگەڕێننەوە؟

بسم الله الرحمن الرحيم ئەم هەڵبژاردنەی دوایی کە کرا لە ٣٠ ئەیلوول بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئێمە کۆمەڵێک تێبینیمان لەسەری هەبوو. یەکێک لەوانە بەشداری کردنی کەمی خەڵک. بەپێی هەندێک بۆچوون و بەدواداچوون ڕەنگە لە سەدا ٤٠ خەڵک بەشدارییان لە پرۆسەی هەڵبژاردن کردبێت و لە سەدا ٦٠ خەڵک نەچووبێتە سەر سندووقی دەنگدان. ئەمەیان نیشانەی پرسیار دەخاتە سەر کۆی پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت و ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە خەڵکی هەرێمی کوردستان باوەڕ و متمانەیەکی ئەوتۆیان نەمابێت بە کۆی دۆخە سیاسییەکە بە حکوومەت و پەرلەمانەوە و هەموو دامودەزگاکانەوە. بەم هۆیەوە پێویستە لایەنە سیاسییەکانی دەسەڵات چاو بەخۆداچوونەوەیەکی چاک بکەن. وە ئەوە لەخۆیان بپرسن بۆچی خەڵک وا نائومێد و بێزار بووە و نەچێتە لای سندووقی دەنگدان و رای خۆی دەربڕێ بۆ ئەوەی نوێنەرانی خۆی دیاری بکات.

لە هەڵبژاردنەکاندا لەلایەن هەردوو حیزبی حوکمڕانەوە ساختەکارییەکی زۆر کرا

تێبینی دووەممان لەسەر هەڵبژاردن ئەوەبوو کە لەلایەن هەردوو حیزبی حوکمڕانەوە ساختەکارییەکی زۆر کرا. من لەخۆمەوە ئەو قسەیە ناکەم بەڵام بە دانپێنانی هەردوو لایەنی حیزبی دەسەڵاتدار لەسەر یەکدی کە پەیوەندییان بەمنەوە کردووە. یەکێکیان پەیوەندی بەمنەوە کردووە و وتوویەتی مامۆستا فیلان حیزب ساختەکاریی زۆر ئەنجام داوە و ئەوی دیکەشیان پەیوەندی بەمنەوە کردووە بە هەمان شێوە وتوویەتی مامۆستا فیلان حیزب ساختەکاری زۆری ئەنجام داوە. لە ئەنجامدا ئەگەر قسەی هەردووکیان کۆبکەینەوە، هەردوو حیزب تەزویر و ساختەیان کردووە. بەڵگەی جوزئیش زۆرە لەسەر ئەم بابەتە ئەمەش نیشانەیەکی گەورەی پرسیاردەخاتە سەر دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە سەبارەت بە هەردوو حیزبی حوکمڕانەوە.

سێیەمیان، کەمکردنی دەنگەکانی لایەنە سیاسییەکان، ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو خەڵکە نەچوون بۆ دەنگدان. ئەو خەڵکانەش بریتین لەوانەی کە لەم دۆخە بێزارن و نائومێدن وە ڕەخنەیان هەیە لەو دۆخەی ئێستا کە تیایداین. ئەم لایەنانە ئەو لایەنانەن کە لە دەسەڵاتدا نەبوون و بەهرەمەند نەبوون لە دەسەڵات و خۆیان بە بەشخوراو دەزانن. ئینجا ئەو لایەنانە ئێمەین یەکگرتووە و خەڵکی دیکەیە .

ئێوە باستان لەوە کرد کە دەنگی ئێمە زیادی کردبێت، ئێمە بەقەدەر خۆمان و بە قەدەر هەڵوێستی خۆمان دەنگمان بەم شێوەیە زیادی نەکردووە. بەڵی بەبەراورد لەگەڵ گۆڕان کە کورسییەکانیان بووە بە نیوە و یەکگرتوو لە نیوەش دابەزیوە بە بزووتنەوەوە، کورسی ئێمە لە شەشەوە بووەتە ٧. لە چاو ئەوان ڕاستە زیادی کردووە بەڵام لە چاو خۆمان ئێمە پێمان وایە کە حەجم و قەبارەی ڕاستەقینەی ئێمە هی ٧ کورسی نییە .

بەڵام کاتێک خەڵکێکی کەم دەچنە سەر سندووقی دەنگدان بۆشاییەک دروست دەبێت و هەردوو حیزبی حکومڕان ئەو بۆشاییە بە دەنگی ساختە و بە دەنگی تەزویر پڕ دەکەنەوە. بێگومان ئەوە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئێمەومانان. ئێمە تەزویرمان بۆ ناکرێت و بڕواشمان بە تەزویر نییە. بە هەر حاڵ کۆمەڵی ئیسلامی پێویستی دەکرد کورسییەکانی زۆر لەمە زیاتر زیادی بکردبایە. چونکە پێمانوایە ئێمە باجمان داوە لەسەر هەندێک لە هەڵوێستەکانی خۆمان، پێشمانوایە سەرڕاستانە لەگەڵ مەبدەء و پرەنسیبەکانی خۆمان ڕۆیشتووین. پێشمان ناخۆشبووە کە دەنگی خەڵکی دیکەش کەمی کردووە. ئەوانیش پێویستە بەخۆیاندا بچنەوە کە دەنگەکانییان بۆچی کەمی کردووە، وێڕای تەزویر چونکە تەزویرەکە لە دژی هەموو لایەک بووە و لە قازانجی حیزبی حوکمڕان بووە. پێویستە پارتی و یەکێتیش زۆر بە جددی بەخۆیاندا بچنەوە کە بزانن بۆچی وایان لە خەڵک کردووە کە لە سەدا ٦٠ی خەڵک بڕوای نەبێت بە دۆخی سیاسیی و هەڵبژاردن بۆ ئەوەی بێت و شاهێدی بدات بۆ ئەوەی نوێنەرێک بۆخۆی دیاری بکات
.

ئێمە بۆ کابینەی نۆیەم سەیری بەرنامەکانی پارتی دەکەین وەکو گەورەترین فراکسیۆن

لەمیانی پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەتدا بەشێک لە حیزبەکان رایانگەیاند کە بەشداری لە حکوومەت ناکەن و بەشێکیشیان بەردەوام لە پەیوەندیدان لەگەڵ حیزبی براوەی یەکەمی هەڵبژاردن. ئایا بۆچی کۆمەڵی ئیسلامی تا ئێستا بڕیاری خۆی یەکلا نەکردۆتەوە. هەڵوێستی کۆمەڵی ئیسلامی چۆن دەبێت؟

کۆمەڵی ئیسلامی هەرلەسەرەتاوە نەیوت بەشداری حکوومەت ناکەین بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە بەشداری حکوومەت بکەین و ئەگەریشی هەیە بەشدار نەبین. ئێمە جاری دیکەش وتوومانە و ئێستاش دووبارەی دەکەینەوە. ئێمە بۆ کابینەی نۆیەم کە لە پەرلەمان پارتی وەکو گەورەترین فراکسیۆن ڕادەسپێرێت، سەیری بەرنامەکەیان دەکەین. سەیری چۆنییەتی داواکردنیان بۆ بەشداری ئێمە چۆنە و دەیانەوێت ئێمە چۆن بەشداری بکەین. سەیری ئەوەش دەکەین کە پێگەی ئێمە چی دەبێت لەم حکوومەتە، دوای ئەوە بڕیار دەدەین ئایا ئەو داوەتنامەیە قبووڵ بکەین یاخود بەشدار نەبین
.

ئێمە تا ئێستا یەکلاییمان نەکردۆتەوە. هەر لە سەرەتاوە نەمانوت بەشدار دەبین یاخود بەشدار نابین. بەڵام ئەوە مانای ئەوەش نادات کە بە هەموو شێوەیەک بەشدار دەبین. ڕاستییەکەی ئێمە کاتێک بەشدار دەبین کە قەناعەتمان وابێت ئەو حکوومەتە دەتوانێت گۆڕانکاری بکات، ئەو حکوومەتە دەتوانێت پاکسازی و چاکسازی بکات، دەتوانێت سنوورێک دابنێت بۆ ئەو هەموو گەندەڵی و قۆرخکارییەی کە لە ڕابردوودا هەبووە و ئێمە چەند جار وتوومانە و لێرەش دووبارەی دەکەمەوە، شتێکی زۆر نەشیاوە لە ڕووی شەرعییەوە، لە ڕووی مەنتقییەوە و لە ڕووی پرانسیبەکانی مافی مرۆڤەوە لە نێو ٤-٥ ملیۆن خەڵکی دانیشتووی هەرێمی کوردستاندا کەمینەیەک لەحیزب و خزم ببنە ملیاردێر. سەروەت و سامانێکی زۆر ئەستوور و بێڕەزا وەسەریەک بنێن و خەڵکێکی زۆری ڕەش و ڕووتیش هەبێت چوار دیوارێکی نەبێت تێیدا ژیانی بەرێتە سەر و بەرگ و پۆشاک و خواردنێکی باشی هەبێت. کەسانێک نەخۆش بن و پارەیان نەبێت خۆیان چارەسەر بکەن کەچی کەسانێکیش لە حیزب و خزم ببنە ملیاردێر و سەروەت و سامانێکی زۆر زۆر زیاد لەخۆیان وەسەریەک بنێن کە لێرە جێگەی نەبێتەوە ببینە بانکەکانی دەرەوەی وڵات یاخود لە دەرەوەی وڵات بیخەنە پرۆژەوە
.

من پار سەردانێکی ئەڵمانیام کرد و لە بەرلین خەڵکانێک کە لەوێن وتیان مامۆستا وەرە با شوێنێکت پێنیشان بدەین کە هۆتێکێکی زۆر گەورەیە وەی فلان کەسە لە فلان حیزبدا و بەهایەکەی نزیکەی ملیارێک دۆلارە. ئینجا وەرە با لە گەڕەکێک خانووێکت پیشان بدەین کە بایی پارەیەکی زەخمە و ئەویش هی فیلان بەپرسە. هەموو ئەو شتانە بە پارەی ئەم وڵاتە و داهاتی ئەم وڵاتە دەکرێت. ئەگەر ئێمە سنورێک بۆ ئەو ڕەفتارانە دانەنێن و حکوومەت هەوڵ نەدات چاکسازی بکات ئەگەر پلە پلەش بێت، بەرنامەکەشمان بە دڵ نەبێت و پێگەی خۆشمان بەدڵ نەبێت بەشدار نابین. کاتێک بەشدار دەبین کە بتوانین لە ڕاستکردنەوەی باری حکوومەت و وەڵامدانەوەی ئەندازەیەک لە کێشەکانی خەڵک بەشدار بین

لەدوایین سەردانەکەی پارتی هیچ دڵنیاییەکتان پێدرا کە ٤ ساڵی داهاتووی حکوومەت وەکو چوار ساڵی ڕابردوو نابێت؟ لەم بارەیەوە گفتوگۆتان کرد؟

تا ئێستا بە ڕاشکاوی لەمبارەیەوە قسە لەگەڵ ئێمە نەکراوە و لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش تا ئێستا تەنها شاندی حیزبی چووە، دوای ئەوەی کە لە پەرلەمان ڕادەسپێردرێن و شاندێک بۆ پێکهێنانی حکوومەت

ئێمە عادەتم... تا بەر... ڕوون بریار...

قەناع... بەوە ه... پێکهاتەی... پێکهاتەیە... و ریشەد... وڵان...

Tba
Sizinle Sizin İçin



Sayı:38
Tiraj: 2000
500 I.D.
13 Şubat 2019

'SINIRLARIN KORUNMASI IRAK HÜKÜMETİ'NİN GÖREVİDİR'

2'de

'Gözümüzün önü netleşmeden karar vermeyiz'

'Türkmenlere kendi gerçek hacmini belirlemesi için bir fırsat verilmesi gerekiyor'




Komel lideri Emiri Ali Bapir



TÜRKMEN ŞEHİTLERİ ŞEHİTTEN SAYILMIYOR MU?

5'te



GENAR Başkanı İhsan Aktaş

"Ak Parti'nin birinciliği tartışmasız"

6'da


Babadan Oğula Kalan Fotoğrafçılık Mesleği

Erbil ve Erbillileri İlgilendiren 40 Bin Fotoğraflık Arşive Sahip

4'te



Fotoğrafçı Nebil Hıdır



ORSAM Başkanı Prof. Dr.Ahmet Uysal

'Amerika PKK'yı desteklemeye devam ederse, Türkiye'yi kaybedebilir'

Önce Fırat'ın doğusuna operasyon düzenlenecektir

8'de



Tba Çocuk Yeni Sayı Çıktı

Eskiden Türkmen Düğünleri

10'da



Parlamento Başkanı 18 Şubat'ta seçilecek

7'de

'SINIRLARIN KORUNMASI IRA


Röp: Ali Antar / Foto: Çoban Timur

Kürdistan İslami Topluluk Partisi (Komel) lideri (Emiri) Ali Bapir, hükümetin kurulma sürecinde görüşmeler neticesinde alınan kararlar, Türkmenlerin yeni kabinede yer alması, Türkiye'nin sınır bölgesine düzenlediği operasyonlar ve daha birçok konuya ilişkin Tba'nın sorularını yanıtladı.

Kürdistan Bölgesi halkının genel olarak siyasi duruma karşı inancı tükenmiş

30 Eylül 2018'de bölgede gerçekleşen seçimlerde hemen hemen bütün partilerin oylarında değişiklik görüldü ve birçoğunun oy kaybettiği ortaya çıktı ancak Kürdistan İslami Topluluk Partisi (Komel), oyunu yükseltmeyi başardı. Bu oy artışınızı neye bağlıyorsunuz?

Rahman ve Rahim olan Allah'ın adıyla. Evet, 30 Eylül'de yapılan Kürdistan Parlamento seçimleri üzerinde birçok görüş ve şüphelerimiz vardı. Bunlardan biri katılımın az olması. Bazı görüş ve araştırmalara göre muhtemelen seçmen halkın sadece yüzde 40'ı seçimlere katılım göstermiş ve yüzde 60'ı oy kullanmaya gitmemiş. Bu durum Kürdistan Bölgesi'ndeki siyasi sürecin tamamını soru altına alır. Bu durumdan şu mesaj çıkıyor, Kürdistan Bölgesi halkının genel olarak siyasi duruma karşı inancı tükenmiş, hükümete, parlamentoya ve bütün kurum ve kuruluşlara karşı inancını kaybetmiş. Tam bu nedenden ötürü iktidarı elinde tutanların iyi bir şekilde kendini gözden geçirmesi gerekiyor. Dönüp kendilerine, "acaba neden bu halk sandık başına gidip kendi temsilcisini seçmeyecek kadar umutsuz ve bıkkındır" diye sormaları gerekiyor.

Seçimlerde iktidardaki her iki parti tarafından çok büyük hileler yapıldı

İkincisi, seçimlerde iktidardaki her iki parti tarafından çok büyük hileler yapıldı. Ben bunu kendi kafamdan söylemiyorum, her iki partiden kişiler benimle iletişime geçtiklerinde birbirlerine karşı bu hileyi yaptıklarını ittaf etti. Bir partiden beni arıyorlar diyorlar ki "Hocam şu parti çok fazla hile yaptı." bir diğeri arıyor bu kez diğer partinin hile yaptığını söylüyor. Yani sonuç olarak her iki tarafın sözlerini birleştirdiğimizde her ikisi sahtekarlık ve hile yapmıştır anlamına geliyor. Bu konuyu destekleyen belgeler de var. Söz konusu iktidardaki iki parti açısından, gerçekleşen seçimin şaibeli olduğuna dair soru işareti oluşuyor.

Üçüncüsü ise, diğer siyasi tarafların oylarına müdahale edip azaltmaları. Muhtemelen bunun sebebi ise, halkın sandık başına gitmemesi. Sandık başına gitmeyen kesim, içinde oldukları süreçten bıkmış, ümidini kaybetmiş ve olup bitenlere karşı eleştirileri olan kesimdi. Bu kesimler o kesimlerdir ki, iktidara ortak olmamış, sözleri geçersiz olan ve haklarının yendiğini düşünen kesimdir. İşte bu söz ettiğim taraflar biziz, Yekgırtu'dur (Kürdistan İslami Birlik Partisi) ve başkalarıdır.

Siz oyumuzun artığına yönelik bir şeyden bahsettiniz. Bizim kendi hacmimiz ve duruşumuz kadar oyumuz artmadı. Evet, şayet karşılaştırma yaparsak, Goran (Değişim Hareketi) yarı yarıya sandalye kaybetti, Yekgırtu yarıdan da fazla ve Bızutnava (İslami Hareket) aynı şekilde. Biz önceki seçimlerde 6, son seçimlerde bir kürsü artırarak 7'ye çıkardık. Evet onlara oranla biz artırdık nitekim kendi hacmimize ve ağırlığımıza bakarsak bizim gücümüzün 7 sandalyeden fazla olması gerekirdi.

Ancak ne zaman ki halk sandık başına gitmezse, iktidardaki partiler sandıkları hile ve sahte oylarla doldururlar. Şüphesiz biz ve diğerleri üzerinde, bunun kötü bir etkisi olacak. Biz sahtekarlık yapmayız ve sahtekarlığa da inanmıyoruz. Neyse, İslami Topluluk'un bundan çok daha fazla sandalye kazanması gerekiyordu. Biz, bazı çıkışlarımız ve duruşlarımızın cezasını çektiğimizi düşünüyoruz. Ayrıca kendi çizgimiz ve duruşumuzdan ödün vermeden devam ettiğimizi düşünüyoruz. Diğerlerinin oyunun azalması da hoşumuza gitmedi. Onların da yeniden kendilerine bir göz atmaları gerekiyor ve oylarının neden azaldığını sorgulamaları gerekiyor. Tabii ki şaibelere rağmen çünkü bu sahte oy kullanımı iktidarı elde tutanların lehine bütün partilere karşı. Aynı zamanda Kürdistan Demokrat Partisi (KDP) ve Kürdistan Yurtseverler Birliği (KYB) de kendilerini gözden geçirmesi gerekiyor, "neden halkın yüzde 60'ının kendi temsilcilerini siyasi bir süreç içerisinde seçmek için gitmedi" diye.

Kabineyi oluşturmak için en çok oyu alan KDP'nin programına bakacağız

Hükümet kurulması konuşulurken, sürecin başından itibaren bazı partiler seçime katılmayacaklarını duyurmuşlardı. Bazıları da seçimlerde galip gelen partiyle devamlı bir görüşme halindeler ve henüz son kararlarını vermediler. Komel bir sonuca vardı mı?

Komel olarak biz baştan itibaren ne hükümete katılmayacağımız ne de katılacağımız yönünde bir karar bildirdik. Biz daha önceden de söylemiştik şimdi tekrar söylüyoruz. Kabineyi oluşturmak için en çok oyu alan KDP'nin programına bakacağız. Bizim katılımımızı nasıl istediklerine bakacağız. Yani katılımımızın nasıl olmasını istiyorlar, bizim hükümet içerisindeki konumumuz, ağırlığımız ne olacak, bunların hepsine bakacağız. Bunlardan sonra bu daveti kabul edip etmeyeceğimize karar vereceğiz.

Biz şu ana kadar son kararımızı vermiş değiliz. Baştan itibaren de katılırız veya katılmayız diye bir şey demedik. Ancak bu, her türlü katılacağız anlamına gelmiyor. Ne zaman ki kurulacak hükümetin değişiklik yapacağına, temizlik ve iyileştirme yapacağına ve geçmişteki bu kadar yolsuzluğa sınır çizebileceğine kanaat getirirsek, o zaman katılırız. Biz her zaman bir konuyu vurguluyoruz, şeriat, mantık ve insan hakları prensiplerine, 4-5 milyonluk Kürdistan Bölgesi



nüfusu içerisinde belli bir partinin içerisinde azınlık bir kesimin ve bir akrabanın, ucu bucağı olmayan bir servete sahibi olması, kendilerinden çok çok fazla servete sahip olması sığmaz. Öte yandan da içinde barınabileceği dört duvarı, döşeği, ekmeği olmayan bir kesimin bulunması hiçbir şeye sığmıyor. Bir yanda hasta ama tedavi parası olmayan insa, diğer yanda belli bir parti içerisinde olan bir ailenin haddinden fazla serveti, malı olan, yer bulamayıp yurt dışında bankalara kuran veya yurt dışında onu projeleri için kullanan insan o kadar fazla ki burada.

Ben geçen yıl Almanya'yı ziyaret ettim. Bazı gurbetçilerimiz beni görünce, "Hocam gelin size şu bölgede çok büyük ve ünlü bir oteli gösterelim ki sahibi şu partide olan şu kişidir." dediler. Kıymeti yaklaşık 1 milyar dolardı. Daha sonra bir mahallede "şu partideki şu şahsa ait bir evi gösterelim." dediler ki çok büyük bir villaydı. Demem o ki bütün bular bu ülkenin parasıyla bu ülkenin gelirleriyle yapılıyor. Şayet kurulacak hükümet bu duruma bir sınır koymaz ve son vermezse, acele acele bir hükümet kurulmaya yönelirlerse ve kurulan plan ve yol haritası gönlümüze göre olmazsa bu hükümete katılmayacağız. Biz ne zamanki hükümetin durumunu düzeltirsek ve halkın sorunlarına ortak olabilirsek o zaman katılacağız.

Biz hiçbir zaman gözümüzün önü netleşmeden karar vermeyiz

KDP'nin size yaptığı son ziyarette, size gelecek dört yılın geçtiğimiz dört yıl gibi olmayacağı yönünde bir söz verildi mi? Bu hususta konuştunuz mu?

Bu konuda şu ana kadar açık açık bizimle konuşulmadı ve sadece bize parti bazında bir heyet ziyarette bulundu. Bunun ardından ne zaman ki parlamento tarafından hükümet kurma yetkisi verilirse o zaman bir heyet oluşturulur, hükümet kurulması için müzakerede bulunulur. O vakit heyet, olan hükümetin nasıl kurulacağını, plan ve projelerini aktarır. Ne zaman ki onlar

"Bi
Türkme
bu meml
köklü
oluşu
olduğ
inanıyo

"Türkm
kendi g
hacm
belirle
için bir
verilm
gereki

K HÜKÜMETİ'NİN GÖREVİDİR'



gelip, kendi sözlerini bize söylerse, biz de o zaman kendi sözümüzü söyleriz. Ancak bu kez Sn. Fazıl Mirani Bey ve beraberindeki heyet sadece ilişkilerin düzelmesi için gelmişlerdi. Bu onların bize yaptıkları 3'üncü ve 4'üncü ziyaretleriydi, bunun için de teşekkür ederiz. Bize ikili ilişkilerin daha iyiye gitmesi için zemin hazırlığı nedeniyle ve aradaki sıkıntı ve düğümleri çözmek için geldiklerini ilettiler. Ayrıca KDP'nin Komel üzerine veto kullandığı yönündeki söylentilerin gerçek olmadığını söylemeye geldiklerini bildirdiler ve bunun asılsız bir söylenti olduğunu vurguladılar. Daha sonra da bize telefon açtılar ve bizden bir yanıt beklediklerini bildirdiler. Bu yanıt, iadeyi ziyaret ve hükümette olup olmayacağımız yönündeki kararımızdan önce, gözümüzün önünün netleşip, hükümetin oluşturması için gereken heyetin belirlenmesi ve bizimle görüşülmesi gerekir. Biz hiçbir zaman gözümüzün önü netleşmeden karar vermeyiz. İşte o zaman biz de karar veririz dedik.

iz
enlerin
leketin
i bir
mu
guna
oruz"

Türkmenlere 3 başkanlıktan birinin yardımcılığı verilmesine Komel nasıl yaklaşıyor?

Ben burada size ve okurlara söyleyeyim; biz Türkmenlerin bu memleketin köklü bir oluşumu olduğuna inanıyoruz. Kendi hacimleri kadar haklarının verilmesi ve bütün haklarının korunması, ayrıca eşit muamele görmeleri gerekiyor.

Bu memleket hepimizindir. Ben çoğu kez Kürt hükümeti dendiğinde, bu terimi kullanmayın demişimdir, Kürdistan Hükümeti deyin çünkü bu memlekette sadece Kürt yaşamıyor. Türkmen, Hristiyan ve Araplar da bulunuyor. Bu memleket sadece Kürtler için değildir aksine içinde yaşayan herkes içindir. Ben bir bakış ve duruş olarak söylemek istiyorum ki, Türkmenlere kendi gerçek hacmini belirlemesi için bir fırsat verilmesi gerekiyor.

enlere
gerçek
nini
emesi
fırsat
mesi
iyor"

Her kim ki kendi halkının desteğini alıyorsa, halkının dertleri ile ilgileniyorsa ve onlar için endişe ediyorsa onlarla muhatap olunmalı

Ben kendini veya birkaç kişiyi temsil eden bazı Türkmen şahsiyetlerin muhatap alınmasına karşı çok eleştirim var. Ben bunu bu ülkenin yetkililerine de söyledim. Bu ülke için en iyisi Türkmen halkını temsil eden kesimle muamele edilmesidir. Bu ister Türkmen Cephesi olsun ister herhangi bir taraf veya şahsiyet olsun. Her kim ki kendi halkının desteğini alıyorsa, halkının dertleri ile ilgileniyorsa ve onlar için endişe ediyorsa onlarla muhatap olunmalı. Halkın desteğini almayan ve sadece kendini temsil eden ayrıca kolay avuçlara sığan birini muhatap almayın. Halkı arkasında olanlar ve kolay avuca sığmayan ama kendi halkının haklarını elde etmek için istekleri bulunanları muhatap alın.

Kendi halkını ve milletini temsil edenlerle muamele etmeliyiz

Her kim ki arkasında halkı varsa, kişisel şeylere kanaat getirmez çünkü "Benim bir halkım var ve ben halkımın isteklerinin karşılanmasını istiyorum." der. Ben burada birçok ince detaya girmek istemiyorum ancak bazı şeyleri Erşet Salihi (Kak Erşet) ve Aydın Maruf (Kak Aydın) biliyor, çünkü ben onlara bazı şeyler anlatmıştım. Bazı resmi toplantılarda başkasının gölgesi altında olan bazı kişileri görüyoruz nitekim benim herkese saygım var. Şunu söylemeye değer ki bütün Türkmenleri temsil edecek şahsiyetler var ama orada bulunduğunda senin gönlüne göre konuşmayabilir ve hareketleri de senin gönlüne göre olmayabilir, önemli olan kendi oluşumunu yansıtıyor. İşte asıl onlar muhatap alınmalıdır. Söylediklerimin aynısı Türkmen, Hristiyan ve Yezidiler için de geçerlidir. Biz kendi halkını ve milletini temsil edenlerle muamele etmeliyiz.

Karton bir parti oluşturup, bir millet adına onu muhatap almak yanlıştır

Sırf diğerlerinin isteklerini yerine getirmek istemediğimiz için gidip bizim istediğimiz gibi konuşan birini getirip yükseltip muhatap almak, halkının desteğini alanların sırtından geçindirip muamele etmek olmaz. Benim genel olarak fikrim bu. Gidip 2-3 kişiyi öne çıkartarak, karton (Kukla) bir parti oluşturup, bir millet adına onu muhatap almak yanlıştır.

Sınır ve ülkenin egemenliğini korumak Irak'ın hükümlülüğündedir

Geçtiğimiz günlerde IKBY ve Türkiye sınırlarına yakın olan bir bölgede (Şiladze) bazı olaylar patlak verdi. Sizce bu durumun çözüme kavuşturulması için ne yapılmalıdır?

Bence bu durum çok karmaşık bir halde. Bu mesele Türkiye ve Irak devletini ilgilendiriyor. Ancak tabii ki Bölgesel Yönetim de Irak'tan bir parça olduğu için onu da kapsıyor. Köylülerin çıkarı, canlarının ve mallarının korunması, bu ister Badinen bölgesinde olsun ister Kandil yamacında ve ya başka yerlerde olsun, Kürdistan Bölgesi Hükümeti'nin sorumluluğundadır. Fakat sınır ve ülkenin egemenliğini korumak Irak'ın hükümlülüğündedir. Bu nedenle bu mesele iki başın görevidir.

Türkiye Hükümeti'ne "acaba neden böyle davranıyor ve sebebi nedir?" diye sorulması gerekiyor. Bu meseleler kendi aralarında çözüme kavuşturulmalı ki artık bu halk el ayak altında ezilmesin. Artık bu halkın evi yurdu yıkılmasın, insanlar bıkmasın ve Şiladze'de olduğu gibi patlak vermesin. Türkiye'nin de kendisini gözden geçirmesi gerekiyor. Acaba Irak sınırını ve sınırdaki köyleri vurmak yerine PKK ile başka çözüm noktası yok mu? O da kendini gözden geçirmeli.

Irak Hükümeti de ciddi bir şekilde Türkiye ile masaya oturmalıdır. Sınırların korunması Irak Hükümeti'nin görevidir ve tabii ki Kürdistan Bölgesi Hükümeti'nin de bunun için bir tepkisi olmalı ve merkezi hükümete baskı yapmalı veya Türkiye Hükümeti ile birebir oturup konuşmalıdır. Önemli olan bölgedeki köy halkının canı ve malının korunması. Ne yazık ki o bölgede KDP ve KYB'nin çekişmesinden dolayı birçok köy boşaltıldı. Artık yerli sebzemiz neredeyse yok ve Kürdistan Bölgesi, Türkiye, İran ve Suriye mallarının tüketildiği yer olmuş.

O bölgelerde bulunan onca köye, bir taraftan İran, bir taraftan Türkiye baskı yaparken diğer taraftan PKK köylerine el koyup, kendi sahiplerine ve yerli halka yasaklıyor. Gerçekten çok tehlikeli ve korkunç bir şey. Bunun için Merkezi Hükümet, Kürdistan Bölgesi Hükümeti ve Türkiye Hükümeti birlikte buna bir çözüm bulmalılar. Söz konusu bu köylerin yeniden canlandırılması gerekirken ve tekrardan çiftçiliğin canlandırılıp kendi yerli malımızın üretilmesi gerekirken, köylüyü getirip herhangi bir unvan veya görevle memur yapıp maaş vermek ve kendi toprağını ekmeye fırsat vermemek olmaz. Sınır bölgesindeki tarlaların kötülüklerden dolayı kullanılamaz hale gelmesi kabul edilemez. Bu mesele için ciddi adımlar atılmalı ve Bölge'deki bütün yetkili kurum ve kuruluşlar bunun için ciddi bir şekilde çalışmalıdır.